# مێژووی سوبژێکتیڤیتە (ئەنتۆلۆژی کۆمەڵەی ژ- کاف)

شاهۆ حوسێنی
(ئەڵمانیا)

**پێشەکی**

گومان لەوەدا نییە کە سوبژە و ئۆبژە وەک دوو میراتی گرینگ و جێگای سەرنجی فەلسەفە، بەشێکی هەرە زۆری شرۆڤە و لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکانیان بەخۆیانەوە سەرقاڵ کردووە (هەندێک لە فەیلەسووفان بەشێوەیەکی ئیستعلایی باس لە سوبژە دەکەن و هەندێکی تر وەک فووکۆ لەسەر ئەو باوەڕەن لەجیاتی ئەوەی کە بەشێوەیەکی ئیستعلایی باس لە سوبژە بکرێت، باشترە باس لەو بەستێن و چوارچێوە مێژووییە بکرێت کە سوبژەی تێدا سەرهەڵدەدات) «میلز، ١٣٨٩، ل٤٨».

بەکورتی دەشێ بگوترێت کە ئۆبژە بوونێکە کە جێگای باس و مژارە، واتە لەلایەن بوونێکی ترەوە بەناوی سوبژە پێناسە دەکرێت. سوبژەش بە کورتی لە فەلسەفەی مۆدێرندا کە بە دیکارتەوە دەست پێ دەکات، بەمانای بوونی ناسکارە، بوونێکی کە شوناس و کەسایەتی دەبەخشێتە ئۆبژە (بەرناس)، بنەمای گرینگایەتی سوبژە و مەشروعییەتی مرۆڤ وەک سوبژە (ناسکار) ڕاستییەکەی بۆ بەها و متمانە بە عەقڵی مرۆڤ بۆ ناسین و پێناسەکردنی هەموو جیهانی دەوروبەر دەگەڕێتەوە (بەپێچەوانەی ئایدیۆلۆژەکان و ئایین کە متمانە بە عەقڵی مرۆڤ ناکەن و بە مەشرووعی نازانن وەک سەرچاوەی ناسین و پێناسە کردن، هەر بۆیەش مرۆڤی وەک ناسکار و سوبژە بە فەرمی ناناسن و دایدەبەزێننە ئاستی ئۆبژە) «صانعی دربیدی، ١٣٧٦، ل٨٣-٨٦».

دیارە مێژووی شەرعییەتدان بە عەقڵ و مرۆڤ وەک خاوەنی عەقڵ بۆ پێناسە کردن و ناسینی جیهان لەپاش ڕووخانی دەوڵەت شارەکانی یۆنان و ئیمپراتۆری ڕۆم (کە وەک سەردەمی فەلسەفە و گرینگایەتی هزر و



**جەلادەت بەدرخان**

عەقلانییەتی فەلسەفی، خاوەن گرینگایەتی تایبەتی خۆیەتی)، بەهۆی هەژمونی و پەرەی دەسەڵاتی ڕواڵەتی و عەقڵی ئایینی مەسیحییەت کە بەرهەمهێنی نیزام و فۆرماسیۆنێکی فیکری و کولتووری تایبەتی ئایینی بوو، تووشی نوشوست و وەستان هات، لەو سەردەمەدا جۆرێک لە فەلسەفە سەری هەڵ دا کە بە فەلسەفەی ئێسکۆلاستیک پێناسە دەکرێت، بنەماکانی ئەو فەلسەفەیە لۆژیک و کەلامی ئایینی بوو کە بەهۆی کلێساوە پەرەی پێ دەدرا و بەتەواوی دژی عەقڵ و توانابییەکانی عەقڵی مرۆڤ بوو، بناغە و بنەمای ئەو فەلسەفەیە بەپێچەوانەی سەردەمی پێش خۆی کە ئامانجی فەلسەفە و سیستمی پەروەردە، بار هێنان و بەرهەمهێنانی مرۆڤی عاقڵ و عەقلانییەت بوو، بۆ پەرەی خۆشی، لەزەت و ئەهوەنی لەو جیهانەدا، لەسەر ئەو بنەمایە دامەزرابوو کە ئامانجی فەلسەفە و سیستمی پەروەردە، بارهێنان و بەرهەمهێنانی مرۆڤی دیندار و ئیماندارە بۆ بەختەوەری و خۆشبەختی لە ژیانی پاش ئەو جیهانە، واتە جیهانی تر «ئەستید، ١٣٨٠، ل٣٢٧-٣٦٠»، بەڵام لەپاش بڵاو بوونەوەی تێزەکانی مارتن لۆسەر و پەرەی ڕێنیسانس، لە فۆرماسیۆنێکی مانایی تازەدا و بەشێوەیەکی بەربڵاو باسی سوبژە بوونی مرۆڤ وەک ئاسکار و بوونێکی خۆبنیادنەر لە فەلسەفەدا هاتە گۆڕێ، ڕاستییەکەی بزاڤی ئۆمانیسم بۆ جارێکی دیکە بەستێنی ڕەخساندەوە بۆ ڕێکخستنەوەی ژیان بەپێی عەقڵ و بەهادان و شەرعییەتدانەوەی دووبارە بەعەقڵی مرۆڤ، بزاڤی ئۆمانیسم بۆ جارێکی تر مرۆڤی هێنایەوە ناو ناوەندی سەرنج و زانست و عەقڵی مرۆڤیشی وەک کەرەستەیەکی گرینگ بۆ دۆزینەوەی ڕاستەقینە بەفەرمی ناسییەوە «سلێمانی، ١٣٨١». ئەو ڕەوتە لە ڕۆژئاوا لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا پەرەی کۆمەڵگای مەدەنی، لە ئاستی ئابووریدا پەرەی ئابووری، لە ئاستی زانستی شۆڕشی زانستی و سەنعەتی و لە ئاستی سیاسیدا دەوڵەتی مۆدیرنی دیموکراتیکی لێکەوتەوە، ئەو دۆخەی کە هەموو وڵاتانی پەرەنەستنادووی جیهان ئارەزوو و ئامانجیانە پێی بگەن.

## فراماسۆنێری

فراماسۆنێری (Freemasonry) ڕێکخراوەگەلێکی برایەتی و هەڵکەوتە پەروەری سەربەخۆن کە لە ڕۆژئاوا، بە تایبەتی بریتانیا و فەڕەنسا سەریان هەڵداوە، سەرچاوەی سەرەکی فراماسۆنێری پەیمانی برایەتی چینی بەردتاشەکان بوو، ئەو ڕەوتە لە پاش فەشەل هێنانی سیستمی فیۆدالیزم، پەرەی بۆرژوازی، چین و توێژ و سینفە جیاواز و سەربەخۆکان و شارنشینی نوێی هاوکات لەگەڵ ڕێنیسانس و کۆتایی سەدەکانی ناوەندی سەری هەڵدا، ڕاستییەکەی دەشێ فراماسۆنێری وەک یەکەم هەنگاوی پێکهاتنی کۆمەڵگای مەدەنی وەک فۆرماسیۆنێکی لەخۆگری چین و توێژ و سینفەکانی ناو کۆمەڵگا و خاوەنی ڕێژەیەک لە سەربەخۆیی لە بەرانبەر دەسەڵاتی حکوومی پێناسە بکرێت، ئەندامانی فراماسۆنێری پێیان دەگوترێت ماسۆن، هزر و ئەندێشەی فراماسۆنێری لەسەر بناغە و بنەمای برایەتی، ڕێز و حورمەت و مرۆڤدۆستی بنیادنراوە، فراماسۆنێرەکان هیچ کات هەوڵی بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتیان نەداوە، ئەوان هیچ کات وەک حزبێکی سیاسی ڕوو لە دەسەڵات هەڵسوکەوتیان نەکردووە، بەڵکە گرینگترین ئامانجی فراماسۆنێرەکان بریتی بوو لە پەروەردی مرۆڤی لێهاتوو بۆ ئیدارەی کۆمەڵگا، ڕەخساندنی بەستێن بۆ ئاڵوگۆڕی و پێشکەوتنی کۆمەڵگا، ئاشتەوایی و برایەتی لەنێوان مرۆڤەکان «Eugen,2006,L,110-135»، ئەگەرچی هیچ

زانیــاریــیــەکی وێکچــوو لەســەر ســەرچاوەی ســەرەکی فراماسۆنێری بوونی نییە، بەڵام ئەوە ڕوون و ئاشکرایە کە کۆنترین کۆڕ و کۆمەڵی برایەتی سکۆلارە لە جیهاندا، فــراماســۆنێــری دەورێکی گــرینگی هەبوو لە شــۆڕشی گەورەی ئەمریکا، فەڕانسا و شۆڕشی مەشرووتە لەئێران، بزاڤی دژە ئیستعماری ئیسپانیا لە ئەمریکای باشوور «فراماسونری، ویکی پدیا».

بێ گومان هەموو ئەو ئاڵوگۆڕیانە لە ڕۆژئاوا بەرهەمی متمانە بە عەقڵی مرۆڤ، پەرەی عەقڵانییەتی سووژە بوونی مرۆڤ، شەرعییەتی پێناسە و ڕەوتی بە فەرمی ناسینی پێناسەی دەرکەوتەکانی جیهانی ڕواڵەتی لەلایەن مرۆڤی خاوەن ئیرادە و عەقڵەوە و لەهەمان کاتیشدا لە ئاستی کۆمەڵایەتی شەرعییەتی پلۆرالیزمی چین و توێژە سەربەخۆکان بوو.

هاموشۆی ڕووناکبیران و خوێندکارانی تورک، کورد و ئێرانی بۆ ڕۆژئاوا بوو بە هۆی دیتنی پێشکەوتن و پەرەی ڕۆژئاوا و لە ڕوانگەی ئەوانیشەوە ئەو پێشکەوتن و ئاڵوگۆڕەیان بێ گومان بەرهەمی ئازادی، بوونی یاسا و پارلەمان و هەڵبژاردن و...تاد بوو، بۆیەش لە درێژەدا کەوتنە بیری بەربەرەکانی لەگەڵ ئیستبدادی پاشایەتی لەئێران «ابراهامیان، ١٣٨٩، ل٧٤-٧٧» و بۆ ئەم مەبەستەش لە ئیستەنبوڵ و شارەکانی تری تورکیا لەلایەن ڕووناکبیرانی تورک و کورد کۆڕ و کۆمەڵی سەربەخۆ و لۆژەکانی سەر بە فراماسۆنەکانی ئەورووپا دامەزرا، لەهەمان کاتیشدا لە سەرانسەری ئێران و یەک لەوانیش لە تەورێز ناوەند و ڕێکخراوەی غەیبی کە لەژێر کارتێکەری فراماسونێرەکانی ڕۆژئاوایی بوون، سەریان هەڵ دا، ڕاستییەکەی ئەو ناوەند و ڕێکخراوانە و مەکۆی ئازادیخوازی و بەربەرەکانی لەگەڵ پاوانخوازێتی پاشایەتی بوون «سرداری نیا، ١٣٦٣، ل١٥-١٧». دیارە تەورێز بە دوو هۆکار گرینگایەتی هەبوو، یەکەم ئەوەکە: پێتەختی دووەمی ئێران لە سەردەمی قاجارەکان بوو، بەجۆرێ کە جێگرەوەی شای ئێران تا ئەو کاتەی دەبوو بە پاشای ئێران لە تەورێز حکوومەتی دەکرد، دووەم ئەوەکە: تەورێز ناوەند و مەکۆی داگەڕانی هزری شۆڕشگێڕانە و ئازادیخوازی بوو کە لە ڕێگای سان پیترزبۆرگەوە دەگەیشتە ڕووسیا و لەوێش ڕا دادەگەڕایە ئێران«کسروی، ١٣٦٣، ٦٧٧- ٦٧٨»

## کۆڕ و کۆمەڵەکانی کورد لە باکوور

تا بەر لە بڕیارنامەی سایکس-پیکۆ، کوردستانی باکوور، باشوور و ڕۆژئاوا لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانی بوون، بۆیەش هەرجۆرە ئاڵوگۆڕییەک لەو ئیمپراتۆریەتەدا کاردانەوەی لەسەر کورد دادەنا و بەهۆی دراوسێتی عوسمانی لەگەڵ ئەورووپا بیر و ئەندێشەی ڕۆژئاوایی لەئەورووپاوە هەر کە گەیشتبا عوسمانی، بێ گومان دەگەیشتە کوردانی ئەو پارچەیەش و لەوێشڕا دەگەیشتە ڕۆژهەڵات، بۆیە دەکرێ بگوترێت کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، لەگەڵ سەرهەڵدانی چینێکی ناوەنجی و نیمچە خوێندەوار کە پێ گەیشتووی قوتابخانە و دەرسی مۆدێرن و بەڕۆژ بوون لە باکووری کوردستان، هاموشۆی کوردانی ئیمپراتۆری عوسمانی بۆ ڕۆژئاوای پەرەئەستاندوو و پێشکەوتووی بەهرەمەند لە زانستی مۆدێرن و ڕێکخراوەی مۆدێرن و ڕاگواستنی هزر و ئەندێشەی مۆدێرن و سەردەمیانە لەلایەن ئەوانەوە بۆ ئەو بەشە لە کوردستان، کۆڕ و کۆمەڵە کوردییەکان لە باکوور سەرهەڵدەدەن، ئەو ڕەوتە دەبێتە هۆی ئەوەکە باکوور لە تەنیشت تەورێز، دەبێتە شارێی گەیشتن و داگەڕانی هزر و بیری ڕۆژئاوایی و پێشکەوتوو بۆ ڕۆژهەڵات. دیارە گەورەترین ئاڵوگۆڕی ئەو ڕەوتە پێکهاتن و سەرهەڵدانی فۆرماسیۆنی سیاسی- کۆمەڵایەتی نوێیە کە دەبێتە جێگرەوەی فۆرماسیۆنی عەشیرەتی و نەریتی بۆ وەدەست هێنانی مافی کورد و دیاریکردنی مافی چارەنووسی کورد«کۆچێرا، ٢٠٠٣، ل٢٨». لێرەدا وەک نموونە ئاماژە بە دوو هەوڵ و کۆشش لە باکووری کوردستان دەکرێت.

### ئەلف: جەمعییەتی تەعاون(تەعالی) و تەرەقی کورد

ساڵی ١٩٠٨ جەمعییەتی تەعاون(تەعالی) و تەرەقی کورد لەلایەن ڕۆشنبیرانی کورد لە باکوور دادەمەزرێت، بە بۆچوونی کریس کۆچێرا، ئەو کۆمەڵە کوردییە ئامانجی نوێخوازانە و ڕیفۆرمیستانەی هەبووە «هەمان، ل٢٨»، دیارە مەبەست لە نوێخوازی دەشێت ئاماژەیەک بێت هەم بە نوێخوازی لە فۆرماسیۆنی ڕواڵەتی و هەمیش فۆرماسیۆنی زەینیدا، واتە کەڵک وەرگرتن لە فۆرماسیۆنی نوێی گونجاو لەگەڵ ئاڵوگۆڕە

کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای باکوور کە هاوکات بوو لەگەڵ پەرەی شارنشینی و سەرهەڵدانی چینی ناوەنجی و مامناوەندی و لاواز بوونی هەژموونی خێڵایەتی و عەشیرەتی، هەمیش بەمانای کەڵک وەرگرتن لە میتودی نوێ، بەشێوەی هەوڵ بۆ پێگەیاندنی تاک و کۆمەڵگای ئاگا و خاوەن هزر و بیری تازە، واتە ڕەخساندنی بەستێن بۆ سەرهەڵدانی سووژەیەکی سەربەخۆ و خۆبنیادنەری ئاگا و خاوەن جیهانبینی. ڕیفۆرمیستانەش دەشێ بە مانای ڕوو لە کۆمەڵگا خەبات کردن بۆ سازکردنی ئاڵوگۆڕی هەنگاو بەهەنگاو هاوکات لەگەڵ پێگەیشتنی تاک و کۆمەڵگای ژیر و وریا بێت لەجیاتی ئەوەی کە لە غیابی تاک و کۆمەڵگای ئاگا و پێگەیشتوو بەگژ دەسەڵاتدا ڕووبێن. پێکهێنەرانی ئەو جەمعییەتە ڕۆژنامەیەکیشیان وەک ئۆرگانی خۆیان دەرکردووە، ئەوەش دەشێ بەرهەمی ئەو ئاڵوگۆڕیانە بێت کە بەرهەمی ئاڵوگۆڕی لەناو بەستێنی سیاسی عوسمانیدا ڕووی داوە، ئاڵوگۆڕی گەلێکی وەک پەرەی هزری مەشرووتییەت لەناو دەسەڵاتی عوسمانیدا، پەرەی زانست و هزری مۆدێرن بە هۆی پەرەی خوێندنگایی و خوێندنی مۆدیرن، پەرەی سیستم و ئیمکاناتی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب و بڵاڤۆکی کوردی.

**ب: خۆیی بوون**

جەلادەت بەدرخان کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە لەدایک بووە و لە دەیەی بیستی سەدەی نۆزدە لەوڵاتی ئەڵمانیا یاسای خوێندووە، دیارە ژیان لە ئەورووپا و دیتنی پێشکەوتنەکانی ڕۆژئاوایی کاری کردووەتە سەر جەلادەت بەدرخان و لەپاش گەڕانەوە بۆ دیمەشق بوو بەیەکێک لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوەی خۆیی بوون، دیارە (خۆیبوون) ڕێکخراوەیەکی سیاسی و ڕۆشنبیری بووە «نەک حزبێکی سیاسی» بە مەبەستی پەرەی هزر و ئەندێشەی ناسیۆنالیستی، ڕاستییەکەی دەشێ بگوترێت کە جەلادەت بەدرخان لەباری فۆرم و پێکهاتەوە لەژێر کارتێکەری کردار و کردەوەی پێشکەوتووانی فراماسۆنێرەکان بووە و دووەم ئەوەکە ئەو باش ئاگاداری مێژووی ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژئاوا بووە و باش تێگەیشتووە کە لەغیابی هەرجۆرە ئاڵوگۆڕێکی کۆمەڵایەتی و پەرەی عەقلانییەت و هزری بەرۆژ لەناو تاک و کۆمەڵگای کوردیدا «هەر ئەو ڕەوتەی لە ڕۆژئاوا بەرهەمهێنی پێگەیشتوویی و پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان بووە»، پێشکەوتن و وەدەست هێنانی مافی سیاسی کورد مەحاڵە، بۆیەش لەپاش (خۆیبوون) لە کۆتاییەکانی دەیەی بیستی سەدەی بیستەم، دەستی کرد بە بڵاو کردنەوەی گۆڤاری هاوار لە سەرەتاکانی دەیەی سی سەدەی بیستەم، پاشان گۆڤاری ڕۆناهی لە دەیەی چلی سەدەی بیستەم «ڕۆحانی، ١٣١٧، ج٣، ل٥٢٨»

**باشوور**

لێک بڵاو بوونی ئیمپراتۆری عوسمانی و دابەش بوونی خاکی ئەو وڵاتە لە نێوان دوو گەورە زلهێزی جیهانی بریتانیا و فەڕەنسا و پێکهاتنی وڵاتی ئێراق و سووریا و... تاد لەپاش کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی، بوونە هۆی پارچەبوونی جارێکی تری بەشێکی کوردستان، بەجۆرێ کە بەشێک لە جوگرافیای کوردستانی سەر بە ئیمپراتۆری عوسمانی لەپاش پێکهاتنی ژیۆپۆلەتیکێک بەناوی ئێراق خرایە سەر ئەو وڵاتە و بەپێی پلانی سایکس-پیکۆ بۆ فۆرمدان بە ڕۆژهەڵاتێکی ناوینی نوێ.

ئەگەرچی لەبڕیارنامەی سیڤەردا دابینکردنی مافی کورد لەبەر چاو گیرابوو، بەڵام لە بڕیارنامەی (لۆزان)دا هەموو هیوا و ئاواتی ناسیۆنالیستە کوردەکان لەناو چوو«هاوار، ٢٠٠٦، ل٢٠٣»، بەرە بەرە لەپاش سەقامگرتووتربوونی دەسەڵاتی ساوای پاشایەتی لە ئێراق و پشتگوێ خستنی خواست و مافەکانی گەلی کورد لەباشوور کە ئەو کاتی بەشێک لە ئیمپراتۆری عوسمانیش بوون خەباتیان بۆ کردبوو، خەبات بەدژ دەسەڵاتی پاوانخواز کە پشتیوانی سەربازی و سیاسی بریتانیای لەگەڵدا بوو درێژەی کێشایەوە، دیارە بەشێک لەو خەباتە ڕووبەڕوو بوونەوەی سەربازی بوو و بەشێک هەر وەک باکوور بەشێوەی پیکهێنانی کۆڕ و کۆمەڵە ڕۆشنبیراییەکان و هەوڵ بۆ بنیادنانی تاک و کۆمەڵگایەکی ئاگا و وریا و خاوەن لۆژیک و جیهانبینی بوو «کۆچێرا، هەمان، ل٧٧١-١٧٩»، واتە هەوڵ بۆ بنیادنانی تاک وەک سووژەیەکی سەربەخۆ و خۆبنیادنەری خاوەن هزر و جیهانبینی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەژموونی شوناسی ئێراقیێکی پێکهاتوو لەسەر بناغە و

شوناسی عەرەبی وەک سووژە کە هەوڵی ئۆبژەکردنی کورد و بەرهەمهێنانی کوردێکی ستڕۆکتۆراڵی دەدا. لەو کۆڕ و کۆمەڵانەی کە لەباشوور سەریان هەڵداوە بۆ ئەو مەبەستە دەکرێ وەک نموونە ئاماژە بەمانە بکرێت:

**ئەلف: برایەتی**

ئەو کۆمەڵەیە ساڵی ١٩٣٧ لەلایەن شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموود لەسەر شێوازی کۆڕ و کۆمەڵە کوردییەکانی باکووری کوردستان و ئیستەنبوڵ دامەزراوە، شێخ لەتیف هەوڵی داوە چینی مامناوەندی شار و رووناکبیرانی کورد لە سلێمانی کۆبکاتەوە کە ئەو دەم وەک پێتەختی هزری و ڕۆشنبیری باشوور سەیری دەکرا.

**ب: ڕێکخراوی دارکەر**

ئەگەر کۆمەڵی برایەتی تایبەتی پیاو ماقوڵان و گەورەکانی کورد بوو، ئەوە دارکەر جێی لاوانی ڕیفۆرمخواز بوو، دارکەر لە کۆگشتییەکی گەنجانی ناسیۆنالیست و خوێندەواری لەخۆ گرتبوو کە خواستیان سەربەخۆیی هەموو کوردستان بوو« کۆچێرا، هەمان، ل١٧٧-١٧٨».

**پ: هیوا**

ساڵی ١٩١٤ بەشێکی زۆر لە کۆمەڵ و ڕێکخراوە کوردییەکانی باشوور لە کۆنفرانسێکدا هەموویان لە ڕێکخراوەیەکدا بەناوی هیوا یەک دەگرنەوە، بەجۆرێ کە ئەو ڕێکخراوە تازەیە هەموو تێکۆشەرە ناسیۆنالیستە کوردەکان لێک کۆدەکاتەوە، بەجۆرێ کە لە هەموو چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگای لەگەڵدا بووە، کۆمەڵی هیوا ڕۆڵێکی گرینگی هەبووە لە دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ-کاف لە مەهاباد «کۆچێرا، هەمان، ل١٧٨-١٧٩».

**ئاڵوگۆڕییەکانی ئێران و کۆمەڵەی ژ - کاف**

لە هەموو کۆمەڵگایەکدا ڕوانگەی حکوومەت و فۆرماسیۆنی سیاسی ئەو کۆمەڵگایە دەورێکی گرینگیان هەیە لە کردەوە و دژەکردەوەکانی ناو کۆمەڵگا بەرانبەر بە دەسەڵات، بۆ وێنە تا سەردەمی قاجار بە هۆی ئەوەکە ڕۆژهەڵات ئەگەرچی بەشێک بووە لە ژێئۆپۆلەتیکی ئیمپراتۆری ئێران، بەڵام زۆربەی کات لەلایەن حاکم و بنەماڵە خۆجێیەکانەوە کە شەرعییەتی ناوەندیشیان لەگەڵدا بووە، بەڕێوە چووە، لەوەها دۆخێکدا جۆری ڕووبەڕوو بوونەوەکان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی ئامانج و ئاراستەی تایبەتی خۆی هەبووە، بەڵام لەپاش دەرکەوتنی بنەماڵەی پالەوی و گۆڕانی سیستمی سیاسی و جۆری حوکمڕانی لەژێر کارتێکەری ئایدیۆلۆژیکی جیاواز، جۆری ڕووبەڕوو بوونەوە و ئامانجی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دەسەڵات، ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت «بشیریە، ١٣٨٦، ل٦٦١-٦٧٢».

دەرکەوتنی ڕەزاشا لە ئاسۆی سیاسی ئێران، بوو بە هۆی ئاڵوگۆڕی گەورە لە ئاستی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری لە ئێران و دەکرێ بەجۆرێ لە جۆرەکان بگوترێت کە ئێرانی مۆدێرن بە دەرکەوتنی ڕەزاشاوە دەرکەوت، دیارە مەبەست لێرە لە مۆدێرن نەک بە مانای گەشەی دیموکراسی کە بە مانای دەرکەوتنی دەوڵەتی ڕەهایە لە ئاستی سیاسی، بیرۆکراسی و ئیدارەی مۆدێرن، سیستمی فێرکاری و بارهێنانی مۆدێرن و سیستمی ئابووری دابڕاو لە سیستمی نەریتییە، بە کورتی دەشێ بگوترێت کە گرینگترین و بنەڕەتیترین تایبەتمەندی سەردەمی ڕەزاشا، دەوڵەت سازکردن بوو، چون تا بەر لە ڕەزاشا ئەوەی لە ئێران وەک سیستمی سیاسی بوونی هەبوو، حکوومەتی عەشیرەتی بوو، بەڵام ڕەزاشا بۆ یەکەم جار دەوڵەتێکی ناوەندی بەهێز و سێنترالیستی لە ئێران پێک هێنا «ابراهامیان، هەمان، ل١٢٨-١٢٩».

ڕەزاشا بنەما و بناغەی دەوڵەتەکەی لەسەر دوو شت دانا، یەکەم سوپا و هێزێکی سەربازی بەهێز (ئەو سەرەتا بەڵێنی دا بە ئینگلیزەکان کە هێزێکی سەربازی بەهێز دابمەزرێنێت بۆ پێشگرتن لە هەژموونی و دزە بەلشەفیکەکان، بەڵام مەبەستی سەرەکی ئەو لە پێکهێنانی هێزێکی سەربازی گەورە و بەهێز، زاڵبوون بەسەر نەیارانی ناوخۆییدا و پەرەی دەسەڵاتی ناوخۆیی بوو کە لەلایەن خان و سەرۆک عەشیرەتەکانەوە هەڕەشەی لێ دەکرا)، دووەم بیروکراسیکی نوێ و سێنترالیستی بۆ پەرەی هەژموونی و دەسەڵاتی خۆی«ابراهامیان، هەمان، ١٣٠»، ڕەزاشا، بەڵام لە باری هزر و ئەندێشەوە زۆرتر لەژێر کارتێکەری ڕووناکبیرانی ئێرانی نیشتەجێی

ئەڵمانیا بوو کە زۆرتر پەرەپێدەری هزر و ئەندێشەی پان ئێرانستی بوون کە هەوڵیان بۆ پێکهێنانی ئێرانێکی بەهێز و یەکگرتوو دەدا، بۆ ئەو مەبەستەش هەلی یەک دەست کردنی زمان، بەرگ، کولتوور و بەگشتی کۆمەڵگای دا و ئەوەش هۆکار و سەرەتایەک بوو بۆ موستەحیل کردنی کەمینەکان لە کولتوور و زمانی زۆرینەدا «ابراهامیان، هەمان، ل١٥٨-١٥٩». ڕەزاشا بە لەناو بردنی گەورە سەرۆک عەشیرەت و خاوەن زەوییەکان، بەڕێوەبردنی سیستمی جێگیرکردنی عەشیرەتە ئاژەڵدارەکان، پەرەی سیستمی بیرۆکراسی و ئابووری نوێ و مۆدێرن کە هەژموونی بازاڕی نەریتی کردبووە ئامانج، پەرەی سیستمی فێرکاری و دامەزراندنی ئیدارەی ئەوقاف و هێز و دەسەڵاتی چین و توێژە نەریتییەکان و ئاخوندەکانی کەم کردەوە و بەم شێوەیە بەرهەمهێنی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی بوو کە ئاکامەکەی پەرەی شارنشینی، دەرکەوتنی چینی مامناوەندی و خوێندەواری نوێ بوو لە ئێران بەگشتی و لە کوردستان بە تایبەتی «ابراهامیان، هەمان، ل١٧٠-١٧٤»، ئەو ڕەوتەی ڕەزاشا کە هاوکات بوو لەگەڵ پەرە و هەژموونی بەربڵاوی دەسەڵاتەکەی و لەهەمان کاتیشدا گەیشتنی هزر و فیکری ئازادیخوازی بۆ ناوخۆی ئێران بە هۆی ڕووناکبیرانەوە بەگشتی، بەتایبەتیش بۆ مهاباد هەم لە تەورێز ڕا و هەمیش لەباشوور ڕا لەپاش شۆڕشی سمکۆ کە کۆتا شۆڕشی مۆدیلی عەشیرەتی بوو، بوو بە هۆی گواستنەوەی ناوەندی شۆڕش لە عەشیرەتەوە بۆ شار و لە سەرۆک عەشیرەتەکانەوە بۆ خوێندەوارانی ناو شار، هەر ئەو ئاڵوگۆڕیانەش بەستێنیان ڕەخساند بۆ سەرهەڵدانی کۆمەڵەی ژ- کاف لە مەهاباد.

هەڵبەت جێگای ئاماژەیە کە بەر لەکۆمەڵەی ژ-کاف مەڵبەندێک بۆ بڵاوکردنەوەی هزری ناسیۆنالیستی لە ڕۆژهەڵات دامەزرابوو، لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩١٣دا عەبدولڕەزاق لە شاری خۆی (یەکێک لەشارە کوردەکانی پارێزگای ورمێ)، کۆمەڵەیەکی ڕۆشەنگەری کوردی دامەزراند و بڕیاریشی دا کە ڕۆژنامەیەک، چاپخانەیەک و قوتابخانەیەک بۆ پەرەی ناسیۆنالیزمی کوردی دابمەزرێنێت، بۆ ئەو مەبەستەش عەبدولڕەزاق ڕووی لە قونسوڵخانەی ڕووسیا کرد، عەبدولڕەزاق بەرنامە و گەڵاڵەیەکی تۆکمەی هەبوو بۆ پەرەپێدانی ڕۆشنبیری کوردی و ناردنی لاوانی کورد بۆ ڕووسیا بە مەبەستی خوێندن، بەڵام ئەو ڕەوتە نە توانی ببێتە بزاڤێکی سەرانسەری و نە توانی درێژە پەیدا بکات «جەلیلی، جەلیل، م.س.لازاریف، م.ا.حەسرەتیان، شاکرۆ محۆیان، ئۆلگاجیگالینا:٢٠١٣، ل١٢٢-١٢٣».

## کۆمەڵەی ژ - کاف

بێ گومان مەبەستی ئەو دێڕانە ئاوڕدانەوەی مێژوویی نییە لە کۆمەڵەی ژ- کاف، بەڵکە باس کردن لە چیەتی کۆمەڵەی ژ- کاف و ئەرک و کردەوەی سەرەکی ئەو کۆمەڵەیەیە کە بەداخەوە ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە.

کۆمەڵەی ژ- کاف لە سەردەمێک دێتە دامەزراندن کە ڕۆژهەڵاتی ناوینێکی نوێ هاتۆتە ئاراوە و کورد لەناو چوار ژیۆپۆلەتیکی بێگانەدا دابەش کراوە و هەر کام لەو ژیۆپۆلەتیکانەش بەهەموو هێزەوە هەوڵی بەرهەمهێنانی کوردێکی ستروکتۆرال دەدەن لە چوارچێوەی شوناسی خۆیاندا، لە تورکیادا لەچوارچێوەی پان تورکیسم، لە ئێران لە چوارچێوەی پان ئێرانیسم و لەئێراق لەچوارچێوەی پان عەرەبیسمدا، ئەوە لەکاتێکدایە کە هەر کام لەو ژیۆپۆلەتیکانە ڕەوتی نووژەن بوونەوە و مۆدێرنیزاسیۆنیان دەست پێ کردووە بەکەڵک وەرگرتن و ڕەچاوکردنی پارادایمی مۆدێلی پاوانخوازانەی نۆژەن بوونەوە کە بریتییە لە ڕەوتێکی لە سەرێ ڕا بۆ خوارێ و بەکەڵک وەرگرتن لە شوناسی زۆرینەی هەژموون و زاڵ و هەوڵ بۆ سڕینەوە و موستەحیل کردنی کەمینە لەناو زۆرینەدا بە کەڵک وەرگرتن لە زۆر و دەسەڵاتی حکوومی، لەوەها دۆخێکدا کە ڕواڵەتی کۆمەڵگا ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت لە ئێران، ئاساییە کە فۆرماسیۆن، ئامانج و هزری ڕووبەڕوو بوونەوەش لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت و کۆمەڵەی ژ- کاف بەرهەمی ئەو ئاڵوگۆڕییە.

ئەوەی جێگای سەرنج و ئاماژەیە ئەوەیە کە بەشی هەرە زۆری ئەو کەسانەی کە باسیان لە کۆمەڵەی ژ- کاف کردووە، ئاماژە بەوە دەکەن کە پێک هێنەران ڕووناکبیر و چینی مامناوەندی شاری بوون «گەوهەری، ٢٠٠٤، ل٩-١٠». چینی مامناوەندی شاری و ڕووناکبیر بێ گومان پێناسەیەکی باش دەخاتە بەردەم توێژەر تا بتوانێت خوێندنەوەیەکی لۆژیکی لە چییەتی کۆمەڵەی ژ- کاف

بخاتە ڕوو، هەرچەندە گومان لەوەدا نییە کە جیاوازیش لەنێوان چینی مامناوەندی ڕۆژئاوایی و چینی مامناوەندی ئەو سەردەمی کوردستاندا هەیە، بەڵام میتودی و شێوەی بەربەرەکانی و ئامانجی بەربەرەکانێیەکانیان دەتوانێت وێکچوونی هەبێت و بەو پێیەش دەشێ بگوترێت کە بە پێی پێگەی چینایەتی و کۆمەڵایەتی پێکهێنەرانی کۆمەڵەی ژ- کاف، ئەوان ناسیۆنالیست و دیموکرات بوون «Lipset ١٩٦٣، ل٣١» (لە بەندی هەشتی مەرامنامەی کۆمەڵەدا هاتووە کە مەسەلەی کۆمەڵە دیموکراتییە و لەم پێناوەشدا بۆ خۆشی ژیانی مرۆڤ کۆشش دەکات) «گەوهەری، هەمان، ل٦٤». ئەوان بۆ ئەو مەبەستە ڕوو لەدەسەڵات شەڕیان نەکردووە، بەڵکە ئامانجیان ڕەخساندنی بەستێنی هزری و کۆمەڵایەتی بووە بۆ سەرهەڵدانی تاکێکی وریا، هۆشیار و سووژەیەکی کوردی بۆ بەربەرەکانی و پێش گرتن بە تواندنەوەی کورد وەک بوونێک لەناو شوناسی فارسیدا کە لە قاڵبی هزری پان ئێرانیستی بەسەر کۆمەڵگادا هەژموون کرابوو، واتە ژ- کاف خەباتێکی ڕوو لە کۆمەڵگا بوو کە بە هیچ شێوەیەک ئامانجی بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات، یان دەست ڕاگەیشتن بەدەسەڵات نەبوو، بەڵکە دژەکردەوەیەکی سۆبژێکتڤیستانە بوو بۆ پێش گرتن و بەربەرەکانی لەگەڵ ئۆبژە سازی و بەرهەمهێنانی کوردێکی سترۆکتوراڵ لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە.

بە لەبەر چاو گرتنی ئەوەی کە کۆمەڵە ڕێکخراوەیەکی نهێنی بووە و ئەندامانیش لەناو کۆمەڵەدا هەموویان یەکتریان نەناسیوە و سوێندخوراوە بۆ برایەتی و پاراستنی نهێنییەکانی کۆمەڵە، بێ گومان کۆمەڵە هەم بەو پێیەی کە دەستی کۆمەڵەی هیوا پێوە دیارە و هەم بەو پێیەی کە ڕووناکبیرانی کوردی مهاباد لەگەڵ ناوەندەکانی ڕووناکبیری لە تەورێز زۆر لەوە دەچێت پێوەندیان هەبووبێت، کارتێکەری ئەوێ و ناوەندی غەیبی تەورێزیشی بەسەرەوە دیارە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە کۆمەڵەی ژ - کاف و کوڕ و کۆمەڵەکانی تری کوردی پێوەندی سترۆکتوریان لەگەڵ فراماسۆنییەکانی تورک لە ئیستەنبوڵ و ناوەندەکانی، غەیبی یان فەرامۆشخانە لە ئێران هەبووە، بەڵکە زۆرتر کارتێکەری ڕواڵەتی وانیان بەسەرەوە دیارە بۆ مەبەستی نەتەوەیی و پەرەی ناسیۆنالیزمی کوردی بەهۆی بوون لەژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆریبەتێکی سەربازی وەک ڕەزا خان و زەرووڕەتی نهێنی کاری و ڕەخساندنی بەستێنی زەینی و عەینی بۆ بەرهەمهاتنی تاکی کوردی وریا و ئاگا و پێش گرتن لە توانەوەی کورد، چ لە ڕۆژهەڵات و چ لە پارچەکانی تر.

**سەرچاوەکان:**


**١- جەلیلی، جەلیل، م.س.لازاریف، م.ا.حەسرەتیان، شاکرۆ محۆیان، ئۆلگاجیگالینا: شۆڕشەکانی کورد لەسەردەمی نوێدا، بەهاددین جەلال مستەفا، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٣.**

**٢- ڕوحانی، مردوخ: تاریخ مشاهیر کرد، ج٣، تهران، انتشارات سروش، ١٣٧١.**

**٣- کۆچێرا، کریس: کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، حەمە کەریم عارف، هەولێر، کتێبخانەی ئاوێر، ٢٠٠٣.**

**٤- گەوهەری، حامید: کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، هەولێر، ئاراس، ٢٠٠٤.**

**٥- هاوار، محەمەد ڕەسوڵ: کوردو باکووری کوردستان لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانییەوە هەتا دوای شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، بەرگی دووەم، سلێمانی، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک، ٢٠٠٦.**

**٦- ابرهامیان، یرواند: تاریخ ایران مدرن، محمد ابراهیم فتاحی، تهران، نشر نی، چاپ چهارم ١٣٨٩.**

**٧- استید، کریستوفر: فلسفه در مسیحیت باستان، قم، مرکز مطالعات و تحقیقات ادیان و مذاهب، ١٣٨٠.**

**٨- بشیریة، حسین: عقل در سیاست، تهران، نشر نگاه معاصر، چاپ دوم، ١٣٨٦.**

**٩- سرداری نیا، صمد: نقش مرکز غیبی تبریز در انقلاب مشروطیت ایران، تلاش، چاپ اول ١٣٦٣.**

**١٠- سلیمانی، معصومە: تبارشناسی اومانیسم، روزنامە ایران، ش ١٨١٣، ١٣٨٠.**

**١١- صانعی دربیدی، منوچهر: فلسفه دکارت، تهران، الدی، ١٣٧٦.**

**٢١- کسروی، احمد: تاریخ مشروطه ایران، جلد ١، تهران، امیرکبیر، ١٣٦٣.**

**٣١- میلز، سارا: فوکو، داریوش نوری، تهران، نشر مرکز، ١٣٨٩.**

**14- Eugen Lennhof, oskar posner, Dieter A.Binder: Internationales Freimaurer Lexikon. 5. Auflage. Herbig Verlag, 2006.**

**16-Lipset, Seymour Martin, political Man: The Social Bases of politics(Garden City, New Yourk: Doubleday, Anchor Books, 1963.**